# دەرئەنجامی چالاکی نەتەوەیەکگرتووکان

یاسین بانیخێلانی





دوای ئەو چالاکییەی کۆمەڵێك لە نووسەران، هونەرمەندان و رۆشنبیرانی تاراوگە لە ژێر ناونیشانی چالاکی ژنێف پێی هەستان، رۆژی هەینی رێکەوتی 28.1.2005 لەسەر داوای نەتەوە یەکگرتووەکان لیژنەیەکی سێ کەسیان پێك هێنا، کە پێکهاتبوون لە بەرێزان: (هاورێ زەنگەنە، فرمێسك موستەفاو جەواد سۆفی) بەرەو ژنێف کەوتنە رێ. سەرەتا لە کاتژمێر 13:30 تا 14:30 چاوپێکەوتنیان لەگەڵ پەیامنێری رۆژنامەی فەرەنسی زمانی کانتۆنی ژنێف لۆ کورییر ( Le Courrier) سەبارە بە بارودۆخی کوردستان و عێراق و هەڵبژاردن و کارو داواکارییەکانی ئەوان لەگەڵ نەتەوە یەکگرتووەکاندا. کە دەتوانن لە ژمارەی رێکەوتی 29.1.2005 رۆژی شەممە بیخوێننەوە.

لەکاتژمێر 15:00 بەرەو بارەگای نەتەوە یەکگرتووەکان بەرێکەوتن و لەوێ کەسایەتییەك و کارمەندێکی نەتەوە یەکگرتوەکان ئەوانی گەیاندە لای بەرپرسی کۆموسیۆنی باڵای نەتەوە یەکگرتووەکان بەشی ماف مرۆڤ ی خۆرهەڵاتی ناوەراست Christina Meinecke-Chalev و بەرپرسی کۆموسیۆنی باڵای نەتەوە یەکگرتووەکان بەشی جوگرافیا José D. Dougan-Beaca. سەرەتا بەخێرهاتنێکی زۆر گەرم کران و پاشان دەست بە گفتوگۆ لەسەر ئەم خاڵانە کران:

1- باسی رۆڵی رۆشنبیرانی تاراوگە و چالاکییەکانیان لە سەردەمی رژێمی بەعس و پاش روخاندنی رژێم.

2- باسی روخاندنی رژێمی بەعس و ئەو شارو شارۆچکە کوردییانەی ئازادبوون و تا ئێستا نەگەڕاونەتەوە سەر هەرێمی کوردستان هەروەها هەڵبژاردن لە ئایندەی عێراق و کوردستاندا.

3- باسی شاری کەرکوك لە رووی شارستانی، کولتوری، مێژووی و کوردستانبوونی ئەم شارەو دەوڵەمەندی ئەم شارە لە رووی نەوتەوە لەگەڵ سیاسەتی شۆڤێنزمی بەعس بەرامبەر ئەم شارەو گۆرینی سیما کوردستانییەکەی.

4- دابرانی قەزاو ناحییەکانی وەك (توزخورماتوو، چەمچەماڵ، کفری و کەلار وچەند شوێنێکی تر) بە پێی یاسای رەگەزپەرستانەی بەعس، کە تا ئێستاش ئەم یاسایە کاری پێدەکرێت و هەڵوێستی ئەمەریکا لەو رووەوە.

5- خەڵکی شارەکانی (توزخورماتوو، چەمچەماڵ، کفری) لە هەڵبژاردنەکانی پارێزگای کەرکوك بێبەش کراون، بۆیە ئەگەر شەرعیەت بەو هەڵبژاردنە بدرێت، ئەوەش بۆ خۆی پێشێل کردنی مافەکانی مرۆڤە.

6- زۆربەی خەڵكانی قەزای دوزخورماتو ئەنفال كراون، كەچی لەبری سارێژكردنەوەی برینەكانیان و قەرەبووی زیانەكانیان ئەمڕۆ ناچارن دەنگ بۆ پارێزگای تكریت بدەن، كە شوێنی لەدایك بوونی سەدامی خوێنمژ ە، ئەمەش لەڕووی دەروونیەوە جارێكی تر ئەو خەڵكە دەچەوسێنێتەوە.

7- لیژنەی ڕیفراندۆم بە (1,750) ملیۆنێك حەوسەدو پەنجا هەزار ئیمزای خەڵكی كوردستان، كە داوای ڕاپرسی دەكەن لە كوردستانی عێراقدا سەبارەت بە چارەنووسیان لەگەڵ عێراقدا گەیاندە دەستی ئێوەو داوایان كرد نەتەوە یەكگرتووەكان بەدەنگیانەوە بێت. بۆیە ئێمە داوا دەكەین نەتەوە یەكگرتووەكان بەدەم داواكەیانەوە بڕوات و بە شێوەیەكی فەرمی وەڵامیان بداتەوە.

<u>وەڵامەكان لە لایەن بەرپرسانی نەتەوە یەكگرتووەكانەوە</u>

1- سوپاسێكی زۆر و بە خێرهاتنێكی گەرمتان دەكەین، كە بەو شێوە ئازایانە خەبات بۆ میللەتەكەتان دەكەن. جارێكی تر سوپاستان دەكەین و ئەم زانیارییانەمان زۆر پێویستە و ئەم جۆرە چالاكییانەی نووسەران و ڕۆشنبیران پێی هەڵدەستن زیاتر كاری ئێمە باوەڕپێكراو تر دەكات، هەروەها ئەم زانیارییانەمان زۆر پیویستە ئێوە بە ئێمەی دەدەن.

2- خۆزگە ئەم زانیارییانە زووتر بەدەستی ئێمە دەگەیشت.

3- ئێمە ڕۆڵی چاودێریكەرمان هەیەو ئامادەبوونی زۆر پێویستە هەتا ڕێگا لە پێشێلكردنەكانی مافی مرۆڤەكان بگرین.

4- لە ڕوانگەی ئەو زانیارییانەوە ئێمە دوو نامە دەنووسین، یەكێكیان بۆ سكرتارییەتی نەتەوە یەكگرتووەكان لە ئەمەریكا لەوێشە دەچێتە بەردەستی كوفی ئەنان. دووەمیان: بۆ بەرپرسی چاودێریكەری هەڵبژاردنی عێراق واتە (تیمی چاودێری هەڵبژاردنی نەتەوە یەكگرتووەكان لە عێراق) سەبارەت بەم زانیارییانەو داخوازییەكانتان.

5- ئێمە بەردەوام یارمەتی و پاڵپشتی ئەو خەڵكانە دەكەین تا بگەن بە مافی خۆیان. ئێمە هەوڵ دەدەین هەموو پاڵپشتێكی خۆمان بۆ ئەم مەسەلە دەربڕین و وە ئەم زانیارییانە دەكەینە پاڵپشت و وەكو دۆكومێنت لای خۆمان دەیپارێزین.

6- وەڵامی هاوڕێیان و هاووڵاتیانی ڕیفراندۆم دەدەینەوە و بەڵگەكانمان لای خۆمان هەڵگرتووە، بەڵام چاوەڕوانی ئەنجامی هەڵبژاردنین و بزانین تا چەنێك خەڵك بەشداری هەڵبژاردن دەكەن و ئەنجامەكانی چۆن دەكەوێتەوە، پاشان وەڵامی هاوڕێكانی بزووتنەوەی ڕیفراندۆم  دەدەینەوە. ئێمە ڕێزی گەورەمان بۆ خەباتی نووسەران، هونەرمەندان و ڕۆشنبیران هەیە بەتایبەتیش ئەو خانمە، كە خۆی دایكە و وەك نوێنەری دایكانی ناوچەی بێ بەش كراو لە هەڵبژاردنەكانی پارێزگای كەركوك و هەرێمی كوردستان هاتووە، خەباتەكەت بە خەباتێكی ڕەوا دەزانین و زۆرمان پێ خۆشە كەسێكی وەكو تۆ بۆ میللەتەكەی خەبات دەكات و بەردەوامە لە خەباتكردن.

---

<u>تێبینی</u>

جگە لەو زانیارییانەی سەرەوە باس كران دۆكۆمێنتێكی 72 لاپەڕەیی بە زمانی ئینگلیزی لەسەر كەركوك پێشكەش كراون.